# مەحمود زامدار
# مەمی ئالان دەنووسێتەوە

**هەولێر-فەرمان عەبدولرەزاق**



مەحمود زامدار سەرقاڵی نوسینەوەی سیناریۆو دیالۆگی داستانی (مەمی ئـالان)ە، ئەم پرۆژەیە بە (٣٠) ئەلقەو لە ساڵی ٢٠٠٤ لە سەتەلایتی کوردستان لە مانگی رەمـــەزان پێشکەش کـرا، داستانەکە شاکارێکی کولتوری نەتەوەییمانەو سیناریۆکەی لە لایەن هونەرمەندی ناوداری عیراقی (حافڤ العادلی) نوسراوەتەوەو دەرهێنەرەکەشی هونەرمەند (ناسر حەسەن)ە. لەبارەی ئەم پرۆژەیەوە مەحمود زامدار بۆ پەیک وتی:»ئەم کتێبەم پەنجا هەمین کتێبمە، من (٦) مانگ خەریک بووم تاتوانیم ئەم کارە (بکوردێنم)، چونکە هەم دەقە رەسەنەکە لە ژێر کاریگەری کولتوری ئیسلامی عەرەبی و هەروا فارسی و تورکی دەناڵێنێ هەم سیناریستەکەش زیاتر عەرەباندبووی، کاری من لەم دەقەدا وەک گوتم (کوردانندنی) دەقەکەبوو، بۆ ئەمەش پشتم بە پتر لە (٣٠) سەرچاوە بەستبوو، هەروا سەرلەبەری ناوی ئەکتەرەکانی بە کوردیەکی رەسەن هەروا هاوچەرخ ئاودابوو، هەوڵێکی زۆریشمدا تا زمانی زۆربەی زۆری شێوەزارەکان بگرێتەوە».

ئەم کتێبە (٤٥٤) لاپــەرەی قەبارە گەورەیە، دیزاینەکەی لە لایەن ئاسۆ مامزادو بەرگەکەیشی بە تابلۆی رۆستەم ئاغەلە رازاوەتــەوە، لەلایەن دەزگای موزیک و کولتوری کوردییشەوە چاپدەکرێت.

# دووەمین فێستیڤاڵی هونەری گەرمیان

**زریان عومەر**

بــریــاره رۆژی ١٢/٥ و بۆماوەی سێ رۆژ لە شاری دەربەندیخان دووەمین فێستیڤاڵی هونەریی گـەرمـیـان دەسـت بەکارەکانی بکات. ئەم فێستیڤاڵە بە بـــەشـــداری تیپە هــونــەریــیــەکــانــی (دەرەبــەنــدیــخــان، کەلار، کفری، خانەقین، چەمچەماڵ) سازدەکرێت.

سەبارەت بە نمایشەکان و ریتمی فێستڤاڵەکە فاروق سابر سەرپەرشتیاری گشتیی فێستیڤاڵ و بەرێوبەری رۆشنبیریی گەرمیان بە پەیکی رایگەیاند: «شەش نمایشی شانۆیی لەم فێستیڤاڵەدا پێشکەشدەکرێن:

چەمچەماڵ (گەمەی کورسیەکانو کاتژمێر) نمایش دەکات.

کەلار (قابیل، چوارینە) نمایش دەکات.

کـفـری (بـــۆ فـــرۆشـــتـــن، بۆفرۆشتن) نمایش دەکات.

دەربەندیخانیش (شەوی ئەفسونگەران) نمایش دەکات».

سەبارەت بە چالاکی مۆزیکی و شێوەکارییش سەرپەرشتیاری فێستیڤاڵ رایگەیاند: «لە هەموو شـارو شارۆچکەکانی گەرمیانەوە هونەرمەندان بە تابلۆو بەرهەمی شێوەکاری بەشدار دەبن، ئەمە جگە لە چەند گۆرانی و پارچە مۆزیک و تابلۆییەکی هەڵپەرکێ».

# قەسیدەیەکی نەزەند بەگیخانی و دلاوەر قەرەداغی
# بە نمایشێکی فەڕەنسیی



دلاوەر قەرەداغی و نەزەند بەگیخانی

لــە دەرهــێــنــانــی دەرهێنەری مەکسیکی (پــێــپــێ گــودیــنــۆ) و وەرگێرانی بایز شوکور و بێرتراند فـولـی و سەرپەرشتی هونەرمەند خاتوو ( ئیدیت هێنری ) سەعات ٨ ی ئێوارەیرۆژی هەینی ٢٠٠٧/١١/٣٠ قەسیدەی رەنگی خۆڵ بە زمانی فەڕەنسیی و لە شاری ( لیل ) بۆ ماوەی سێرۆژ نمایش دەکرێت.

قەسیدەیرەنگی خۆڵ، قەسیدەیەکی هاوبەشی ( دلاوەر قەرەداغی ) و ( نەزەند بەگیخانی ) ە و لە ساڵی ٢٠٠٤ دا نووسراوە و بەم دواییە بۆ هەردوو زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی وەرگێردراوە. بریارە ئەم نمایشە بەرەو شاری لەندەنیش بگوێزرێتەوە.

# لەبارەی فیستیڤاڵی گەلاوێژەوە

**محەمەد کوردۆ**



فــیــســتــیــڤــاڵــی گـــەلاوێـــژ بـــەهـــەمـــوو کەموکورتییەکانییەوە یەکێک لە چالاکییە فەرهەنگییە گرنگو پر بایەخەکانە کە ساڵانە کۆمەڵێک دەنــگــو رەنگی جیاواز کۆدەکاتەوەو دەرفەتی خۆنمایشکردنیان بۆ دەرەخسێنێتو چەند توانایەکی نوێ دەردەخاتو گورو تینێکی باش بە نێوەندی رووناکبیریی دەبەخشێت. لایەنێکی دیکەی ئەم فیستیڤاڵە کە زۆر گرنگە، بانگهێشتکردنی رووناکبیرانی فارسو عەرەبە، چونکە ئێمە زۆر پێویستمان بە پەیوەندیکردن بە دەرەوەی خۆمانەوە هەیەو کایەی رووناکبیرییش گونجاوترین کایەیە بۆ ئەو مەبەستە کە یەکێک لە پەیامە سەرەکییەکانی درووستکردنی پەیوەنییە لە نێوان گەلو وڵاتو ئاینو رەگەزو کولتورە جیاوەزەکاندا. بەبروای من بۆ ئەوەی ئەم فیستیڤاڵە جوانتر بکرێت پێویستمان بەوە دەبێت هەر کەس لای خۆمانەوە باری سەرنجو تێبینیو پێشنیازەکانمانی لەبارەوە بخەینە روو. من لێرەوە سێ خاڵ بەگرنگ دەزانم کە فیستیڤاڵ بۆ ئایندە لەبەرچاوی بگرێت:

یەکەم: هەڵسەنگاندنی بابەتێکی ئەدەبی لەگەڵ بابەتێکی مێژوویی، یان سیاسیی، یان فکرییو فەلسەفییدا، کارێکی دژوارو سەختەو ناتوانرێت بەیەک پێوەرو لە روانگەی یەک لیژنەوە هەڵبسەنگێنرێن. لەبەر ئەوە باشتر وایە ئیدی ساڵانە فیستیڤاڵ خۆی تەوەر دەستنیشان بکاتو هەر ساڵە بوارێک هەڵبژێرێتو تەرکیز بخاتە سەر کایەیەکی دیاریکراوو ئەو لیژنەیەش کەبۆ هەڵسەنگاندنی ئەو بابەتانە دەستنیشان دەکرێت خەڵکی ئەو بوارە بێتو ناچار نەکرێت بریار لەسەر بابەتێک بدات کە پەیوەندیی بەپسپۆرێتی ئەوەوە نییە.

دووەم: حساب بۆ کاتو زەوقو پسپۆرێتی خەڵک بکرێتو ئەو بەرنامانەی کە بۆ رۆژانی فیستیڤاڵ دادەنرێن، سوکو ئاسانو لەسەر قسەی هیچ کەسێک نەگۆردرێن. چونکە خەڵک هەیە بە هیوای بابەتێکەوە دەچێتە فیستیڤاڵ کە لەبەرنامەی فیستیڤاڵدا راگەیەندراوە، کەچی دەبینێت بابەتێکی دی پێشکەش دەکرێت، رەنگە ئەو حەزی پێنەکاتو ئامادە نەبێت سەعاتێک لەکاتی خۆی بۆ تەرخان بکات. پێویستە ئەو ئازادییە لە خەڵک نەسێنینەوە کە دەیەوێت گوێ لەچی بگرێتو گوێ لەچی نە گرێت. دەبێت ئەوەی بریار دەدات بۆ کام بابەت بچێتو بۆ کام بابەت نەچێت خۆی بێت نەک ئێمە.

سێیەم: بەبروای من بەخشینی یەک خەڵات بە دوو کەس پێکەوە، کارێکی نادروستەو باشتر وایە یەک یەکەمو یەک دووەمو یەک سێیەم هەبێت. چونکە هەرگیز ناشێت دوو بابەت لەسەدا سەد وەکو یەک بنو هیچ جیاوازییەکیان نەبێت. مرۆڤ کاتێک لەگەڵ کەسێکی دیکەدا خەڵاتێکی پێدەبەخشرێت یان هەستدەکات مافی ئەو کەسەی خواردووە، یان هەست دەکات ئەو کەسە مافی ئەمی خواردووە، ئەم دوو هەستەش هەردووکیان مایەی نیگەرانیو ئازارن بۆ مرۆڤ، لەراستییشدا یەکێکیان مافی ئەوەکەی دیکەیانی خواردووە. لەبەر ئەوە باشتر وایە ئەسڵەن رێگە نەدرێت کەس مافی کەس بخوات. ئەگەر مەسەلەکە رازیکردنو دلخۆشکردنی دوو کەسە لەبری یەک کەس، دەتوانرێت کارێکی وابکرێت کە دلخۆشکردنی کەسی دووەم لەسەر حیسابی کەسی یەکەم نەبێت، مەبەستم ئەوەیە بنکەی گەلاوێژ خۆی یان سەرپەرشتیاری فیستیڤاڵ خەڵاتی ئەو کەسانەی دیکە بکەن، کە دەیانەوێت رازییان بکەنو دڵیان خۆشبکەن.

## بڵاوکراوەی نوێ




سەرپەرشتیار : محەمەد کوردۆ mhamadkurdo@yahoo.com
ستاف: توانا ئەمین، شاخەوان سدیق، دیزاین : دیاری محەمەد
paik_rozhnama@yahoo.com
میدیا تیلیکۆم ٢١٠٦٨٩٣